pirs
پرس
بڵاوکراوەیەکی ئازادە
ژمارە: 65
یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات

ئیحسان مەلا عەلی عەبدولعەزیز:

# گرتنی مامۆستا عەلی باپیر لەسەر مەسەلەی ئیسلام نییە، بەڵکو لەسەر ئەو مەلەفەبووە کە "حەبلێکی معاوییە"ی هەبووە لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا



ل ٧

سەعد خالید/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

# لە کابینەی نوێدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ شیوعی و ژینگە بۆ کۆمەڵ و بازرگانی بۆ یەکگرتوو و وەزیرێکی هەرێم بۆ هەر یەک لە زەحمەتکێشان و سۆسیالیست دەبێت.



ل ٦

## ڕۆژنامەگەری کوردی لە بەردەم دوو پرسیار دا



ل ٥

خاوەنی ئیمتیاز: نەجات باپیر
سەرنووسەر: سیروان ناشاد
s.nashad@yahoo.com

٦ی گوڵانی ٢٧٠٨ی کوردی
٢٢ی نیسانی ٢٠٠٨ی ز
www.lawanikurdistan.com
pirspirs@yahoo.com



سیروان ناشاد

## داڕنینی ڕۆژنامە لە پیرۆزی وشە

بەو پێیەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەشێوەیەکی تەندروست لەدایک نەبووەو ڕەوتی بزوتنەوەکەش ئاراستەیەکی دیاری نەبووەو نەیتوانیوە لەگەڵگەشەکردنی لایەنەکانیدا ئەویش گەشە بکات، بۆیە بێ سەروبەرییەکی زۆری پێوە دەبینرێ و پیرۆزی پیشەکەش هەندێکجار لەدەست دراوە، وێڕای ئەوەی میللەتێکی چەند ملیۆنی چەند هەزار دانەیەک لە ڕۆژنامەیان بۆ بڵاو دەکرێتەوە، واتە دەکرێ بڵێین لە سەدا دوو تا سێ کەس دەخوێننەوە کە ئەمیش قەیرانێکی گەورەی دروست کردووە.

کاری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس لە بنەڕەتدا، گەیاندنی هەواڵ و حەقیقەتەکان و ویژدانی چاودێری دەسەڵات و خەڵکە، کەچی بەداخەوە نەک هەر ئەو ڕۆڵەی نەگێڕاوە بگرە زۆر جاران مقاشی دەستی ئەم و ئەو و چەواشەکەری ڕاستیەکانیش دەبێ، ئەمە جگە لەوەی وردە کولتورێک کە ئێستا کەوتۆتە ناومان ئەویش زمانی تەشهیر و جنێودان و ناو زڕاندنەکە کراونەتە عورفی ڕۆژنامەگەری، بابایەک مومارەسەی ژیانی شەخسی و زۆر سادەی خۆی دەکات بەدەر لەبەکارهێنانی پیشەو پایەکەی، کەچی کاکی ڕۆژنامەنوس وەک هەنگی لە کلۆرەداردا بینیبێ بەفۆنتێکی گەورەو هەندێکجار بۆ حیسابی کەس و لایەنێک دەکەوێتە وێزەی، لەهەمان کاتیشدا بەشێک لە ڕۆژنامەکان هەر لەسەرەتاوە بەپێی بەرنامەی دەزگایەک دادەمەزرێن و ئیعزارات و هەواڵلە وێندەرەوە وەر دەگرن و تەسفیەی حیساباتی دەزگاکە دەکەن، کەچی لافی سەربەخۆبوون و بێلایەنیمان پێ دەفرۆشن، لەهەموانیش خەتەرتر ئەوەیە کە جگە لەکارکردنی ژێر بەژێری بۆ لایەنەکان بووەتە گرێگرتەی موخابەراتی وڵاتان و هەرچی بەهاو پیرۆزی و ڕەمزی ئەم وڵاتەیە بێباکانە دەخاتە ژێر پێ و هەڕەشە. هەر ئەمانەشە وایان کردووە کە دەنگ و هەوڵە جوانەکانیش بکەونە ژێر پرسیارەوەو گومانیان لەسەر بکرێ، بەواتایەکی تر تەڕو وشک بەیەکەوە دەسوتێنرێ و قوربانی و بکوژ دەچنە خانەیەکەوە.

ئەم واقیعە تاڵەش سەرەتا حزبەکان لێی بەرپرسیارن و دواتریش سەندیکا و وەزارەتە پەیوەندارەکان کە بەلێشاو خەریکی مۆڵەت بەخشین و ڕێگە پێدانن.

مەبەستم لەوەنیە کە ڕۆژانامەو ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینەو بوێرو ڕاستگۆمان نەبێ، بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئەوانیش لەو فەوزایەدا خەریکە ون دەبن، مەبەستیشم پاکانە کردن نیە بۆ حزبەکان و بەرپرسان بەڵکو ئەوە زۆر جاران ئێمەین ئەو ڕقە گەورەیە دروست دەکەین و پاساوی موداخەلە کردنیان دەدەینێ. هەرچەندە وەک ئاماژەم پێدا ئەم پرۆسەیە لەسەرەتاوە حزبی کوردی بەرهەم هێنەرێتی کە ئەویش لە ئەنجامی ململانێ و شەڕی ساردو گەرمی نێوانیاندا لەدایک بووە.

وشە پیرۆزی خۆی هەیە، وشە قودسیەتێکی گەورەی هەیە، حەرف ژیانی لێدروست بووە، حەیفە لەکەدار بکرێت.

# سکرتێری "یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان" بڕوانامەی ئاشتی وەردەگرێت



ل ٢

## ژنان بۆچی باری دەروونییان تێک دەچیت



ئا: شەیدا مەعروف/سلێمانی

ل ٤

## کەسایەتی و پەیوەندیەکانی ژنانی هەوێدار



ل ٤

ئا: ستار باقی کەریم

## گەنج و، سیاسەت و، ئەرکی حیزبەکان



ئاری هەرسین

ل ٣

## سیاسەتی وەکیەك لێكردن و کوشتنی جیاوازی

سوارە سەبباح

ل ٣